کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 14-11-2007 22:23

# قسەی زل و بەڵێنی کەم ... ئەنوەر حسێن (بازگر)

a_bazgr@yahoo.com

شانزەساڵە وەعد وبەڵێنی زۆرو زەوەندمان لەحکومەتی هەرێم گوی لێبو.

- بیستمان. دوساڵی تر، کێشەی کارەبا چارەسەر دەکرێت و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی سویسری بەستراوە کە لەهێزی (با) کارەبا بەرهەم دەهێنێت کەچی. فتیلە شوێنی کارەبای گرتەوە.
- بیستمان کۆمپانیایەکی ئەمەریکی. بڕیاری داوە دووساڵی تر لەسەر حسابی حکومەت کێشەی کارەبای هەموو کوردستان چارەسەر بکات. کەچی مۆلیدەی ئەهلیان دانا بەپارەیەکی خەیاڵی.
- ساڵی (2004) بیستمان. کە تامانگی حوزەیرانی (2006) بەبڕی (100) ملیۆن دۆلار. خەتی دووەمی ئاوی (دوکان – سلێمانی) جێبەجی دەکرێت و خەڵك لەبی ئاوی ڕزگاری دەبێت.

کەچی نەك ئەم پڕۆژەیە جێبەجی نەکرا. بەڵکو:-

- هەر بەهۆی دواکەوتنی ئەو پڕۆژەو بۆریە ژەنگاویەکانیەوە. چەند کەس بەکۆلێرا قەزاو بەلای حکومەتی هەرێمیان برد.
- تازە فوئادی شێخ حەسەنی، خاوەنی کۆمپانیاکە. کەبڕیاربوو پڕۆژەکە جێبەجی بکات. ئاسایش دەستگیری دەکات.
- ئێستاش ماڵی وایە. لەسلێمانیە حەیاتەکە. بەهەفتەش ئاوی خواردنەوەی بەلوعەی دوکانی بۆ نایەت.
- چوار ساڵە دەڵێن. پڕۆژەی خەتی دوومی ڕێگای (سلێمانی – عەربەت) دراوە بەکۆمپانیایەکی کۆری تەواو دەبی. کەچی تازە دەڵێن کۆمپانیاکە ئیفلاسی کردوە. بۆ (2008) تەواو دەبی.
- چوارساڵە دەڵێن خەتی دووەمی (سلێمانی – دوکان) بەمزوانە تەواودەبی. کەچی ئەمساڵ پردەکان دروست دەکەن و حکومەت دەڵی. کۆمپانیا چینیەکە رایکردوە.

(هاوڕێیەم بۆمی گێڕایەوە. وتی کەساڵی (2003) لەزانکۆی کۆیە وەرگیرام، وتیان ساڵی داهاتوو ئەم ڕێگایە تەواودەبی وتم. بەخوا من چوار ساڵەکەی زانکۆ تەواودەکەم، بەڵام ئەم دووسایدە تەواونابی. کەچی دەرکەوت. قسەی ئەو خوێندکارە ڕاست دەرچوو. حکومەت و کۆمپانیا چینیەکە درۆیان کرد.

- ساڵێکە دەڵێن دەبی ڕێگای دوو سایدی (هەولێر – پردی) کە (45) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە. تەواوبکری. کەچی تەواو نەبوو زۆر وەعد وبەڵێنمان گوی لێبوو. هیچی جێبەجی نەکرا. کەچی تازە بەتازە حکومەت دەڵی.
- ڕێگای هێڵی ئاسنی (شەمەندەفەر) لەنێوان شارەکانی کوردستان رابکێشرێت و بڕی (1) مليار دۆلاری دەوێت.
- ئەم بەزمە لەهەموو شت خۆشترە. کورە. جاری ئەوپڕۆژانە تەواوبکەن. کەحەوت ساڵە جێیانهێشتوە ئەنجا خەریکی هێڵی شەمەندەفەر بن.
- ئێوە جاری. بچن پردەکەی پشدەر چاکبکەنەوە کەساڵی پار لافاو بردی.
- وەرن ئەو پردەی سلێمانی تەواوبکەن. کەسی ساڵە بەنیوە ناچڵی بەجێهێڵدراوە..
- وەرن تونێلەکەی ئەزمەر و هەیبەسوڵتان تەواوبکەن. ئینجا باسی ڕێگای شەمەندەفەر بکەن.
- جاری کۆڵانەکانی کارێزەوشك و تەیراوەو شۆڕیجە و هەڵەبجە و کەسنەزان قیرتاو بکەن. ئەوجا خەریکی میترۆبن.
- جاری وەرن. ئاوی زێراب وخواردنەوە جیابکەنەوە. ئینجا خەریکی هێڵی شەمەندەفەربن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- جاری. تاسەکانی نێوان (هەولێرو سلێمانی) و (دهۆك وهەولێر) پڕبکەنەوە. ئەنجا باسی شتی گەورەتر بکەن.

- جاری ڕێگای پێنجوێن و سۆران تەواو بکەن. ئەنجا باسی میترۆ بکەن. بەڵام مەسەلەیەکی کوردی هەیە. دەڵی ( (بەردی زل نیشانی نەهاویشتنێتی) ) خۆقسەی زلیش لەم وڵاتە هیچی تێناچێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.